


45217

Preview sample - page 1 of 4 - Soran University Academic Digital Library

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان - هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 00964 (0) 66 224 49 35
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

د. فازڵ جاف
ستراتیجەکانی ژیان - داهێنان.. گۆڕان
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٠٥٠
چاپی دووەم ٢٠١٠
تیراژ: ١٢٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس - هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٢٣١٠ -
نەخشاندنی ناوەوە: ئاراس نەکرەم
ڕازاندنەوەی بەرگ: مریەم موتەقییان
هەڵبژێری: بۆکان نووری. فەرهاد نەکبەری

Preview sample - page 2 of 4 - Soran University Academic Digital Library

ئەگەر سەرنجی بەرنامە تەلەفزیۆنییەکانی "دوکتۆر فیل"ت دابێت، ڕەنگە زاراوەی "ستراتیجەکانی ژیان"ت بێتەوە یاد. دوکتۆر فیل ماک گرەو سایکۆلۆجێکی ئەمەریکاییە، نووسین و بەرهەمەکانی لە میدیای ئەمەریکا و جیهاندا گەلێ بەناوبانگن. بەرنامەکانی دوکتۆر فیل لە تەلەفزیۆنەکانی چەند وڵاتێکەوە پێشکێش کراون، هەر بۆ نموونە لە کەناڵی "ئێم بی سی" "mbc" عەرەبیشدا ماوەیەکە بایەخی پێ دەدرێ.

بۆچوونەکانی دوکتۆر فیل لەمەڕ گەنج هەموو کات بایەخی خۆیان هەیە. دوکتۆر فیل لە ئەمەریکادا بەستراتیجناسی ژیان ناو دەربرێت.

دەوجا بۆ یەک سات لەم زاراوەیە وردبینەوە، ستراتیجی ژیان: پێت وا نییە ئەم زاراوەیە تا ڕادەیەک سەیر و سەرنجڕاکێش بێ؟

ناشکرایە تێرمی ستراتیج، لای ئێمە بەزۆری لە بواری سیاسەت و مەیدانەکانی کاری حزبی و نایدۆلۆجیدا بەکار دەهێنرێ، کەمتر لە بواری گەشە و بینای مرۆڤدا، واتە بوارەکانی ناوەوە و دەرەوەی مرۆڤ، وەکو بواری دەروونی و زەینی و ڕوحی و فیزیکی.

ستراتیجەکانی ژیان، تێرمێکە بۆ بیست ساڵێک دەچێت لە ئەمەریکادا بەکار دەهێنرێت، ئەمەش بەهۆی ئەو بایەخپێدانە بێ ئەندازەیەیە کە لە ئەمەریکا و ڕۆژئاوادا بەبینای ئینسان و گەشەی مرۆیی دەدرێ.

Preview sample - page 3 of 4 - Soran University Academic Digital Library


د. فازڵ جاف

د. فازڵ جاف ڕاهێنەرێکی جیهانی و وانەبێژێکی ناسراوی بواری داهێنان و زمانی جەستەیە و خاوەنی زانیارییەکی بەرین و ئەزموونێکی قوواڵی بواره‌کانی داهێنانە.

وۆرکشۆپ و سیمینار و مەشقەکانی بۆ گەنجان و قوتابیان و نافرەتان، هەروەها بۆ سەرکردە و سیاسەتوانان لە وڵاتانی سوێد و بەریتانیا و فینلەندا و ڕووسیا و مەغریب و ئیماراتی عەرەبی و بەحرێن بەگەرمییەوە پێشوازییان لێ کراوە.

لە کوردستان وۆرکشۆپ و سیمینارەکانی بۆ لاوان و قوتابیان و نافرەتان و پەرلەمانتاران لەم ساڵانەی دواییدا بڕەویان پەیدا کردووە و بایەخیان پێ دراوە.

چەمکی دیدی داهێنەرانە بۆ گەنجان، وەکو ستراتیجی سەرەکیی ژیان کە ناوەڕۆکی ئەم کتێبەیە، میتۆدێکی داهێنەرانەیە لە پڕۆسەی پێگەیاندنی سەرکردەی گەنج و گەنجی سەرکردەدا.

ئەم میتۆدە کاکڵە و ناوەڕۆکی نووسین و ڕاهێنانەکانی نووسەرە، کە وەکو شانۆکار و مامۆستا و ڕاهێنەر، پشت بە زانیاریی هونەری و پەروەردەیی و ئەزموونی ژیان دەبەستێ و پێت دەڵێ: بەدیدێکی داهێنەرانە تەماشای بوون بکە، بوون خۆی داهێنانێکی گەورەیە، باوەش بۆ ژیان بکەوە، لە ئێرە و لە ئێستادا بژی، ئەوجا گۆڕانکاریی پێویست بە ئەنجام دەگەیێنێت و بەئاسانی و خۆشڕەوانیی تواناکانت دەسەلمێنێ.

ستراتیجەکانی ژیان، داهێنان وگۆڕان: لە ڕوانگەی ئەم دیدە کردەییەوە میتۆدێکی ڕۆژانەیە و کایەیەکی پڕ لە شادی و بەختەوەرییە، بۆ هەموو کەسێکە لە هەر بوارێکدا بێت، بۆ هەر کەسێك بیەوێ ژیانی خۆی وەکو پڕۆژەیەکی پڕ لە داهێنان بەویستی خۆی ئاراستە بکات.

چاپخانەی
ئاراس
هەولێر - کوردستان
Aras Press
Kurdistan - Erbil

بایی ٢٥٠٠ دینارە

Preview sample - page 4 of 4 - Soran University Academic Digital Library